کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:14 30-12-2006

**وڵامێک بو بابەتەکەی کاک سەرباز کەرکوکی کە بەناونیشانی (پولیسە عەنتەرەکانی کەرکوکیش دز دەرچوون) ... ئاوارە کەرکوکی**

لە سەرەتادا حەز دەکەم بزانم کاکە سەرباز بەڕێزت خەڵکی کەرکوکی یان خەڵکی شوێنێکی تری؟ کەمن چاك دەزانم لە کێوە هاتوویت بو کەرکوك وبە بێ بەڵگە تومەت دەکەیتە پاڵ خەڵکی کەرکوکی بە شەرف کە لە پێناو شاری کەرکوك و خەڵکە بەشەرەفەکەی خەویان لەخویان قدەغەکردوە وشەو ئەکەنە سەر روژ و روژ ئەکەنە سەر شەو لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی ئەم شارە ئەزانی بو چی دەڵیم تو خەڵکی کەرکوك نیت؟ لەبەر ئەوەی هەر کەسێك خەڵکی رەسەنی کەرکوك بێت ئەزانێت لیوا شێرکو کێیە وە کوری کێیە و بنەماڵەکەی لە کەیەوە دانشتوی شاری کەرکوکن کە وا بزانم گوندەکەی بەڕێزتان جارێ دروست نەکرابوو ئەو بنەماڵەیە دانشتوی ناو شاری کرکوك بوون و هەتا ئێستا ماڵە کونەکەیان دیارە و چاك ئەزانیت لە کوێیە و گورستانی ئەو بنەماڵەیەش زور جوان دیارە و چاك ئەزانیت لە کوێیە و چاك ئەزانیت چەند کونیشە لە بەر ئەوە خەڵکی کەرکوکی رەسن باوەڕ بەو قسە حەلق وبەلەقانەی جەنابت ناکەن چونکە لە راستیەوە زور دورن وجەنابت چاك ئەزانیت ئەو بنەماڵەیە دز نیین و قەدیش دز نەبونە چونکە زور جوان حاڵ ووەزعیان دیارە بو خەڵکی کەرکوك کە وەختێك ئەوان فەرمانبەر و ماموستا بوونە زیاتر لە نیوەی خەڵك خوێندەواری نەبوە.

ئینجا دێمە سەر قەسە جوانەکەت کە دەڵێت بەم پیریە واز ناهێنێت بەس بەداخەوە کە میلەتی کورد نمونەی وەك بەڕێزتی تێدایە چونکە تو رابوردوی ئەم زاتە کەناوی لیوا شێرکو شاکرە نازانیت کە ئەم زاتە لە سەرەتای شورشی ئەیلولی مەزن پێشمەرگە بووە و ئەفسەری پولیس بووە بە پلەی ملازم ولە ساڵی 1978 پلەی رائد بووە و فەرماندەی پولیسی شاروچکەی کویە بووە ولە بەر ئەوەی کە سەری دانەنەوان بو بەعس خانەنشین کرا وزاتی لیوا شێرکو زور گەورە ترە لە وەی پێنوس فروشێکی وەك بەڕێزت بە دز لە قەڵەمی بدا. وە بنەماڵەکەشی بەدز دەرکا. وە حەزئەکەم ئەوەش چاك بزانیت کە لیوا شێرکو چاو نەترسە کاتێك بەڕێزت نستویت شەوانە ئەو بەسەر بنکەکانی پولیس دەگەرێت وە لەکاتی هەر کارەساتێك ئەو ئامادەبووە و نەك وەکو بەرپرسەکانی تر کە دوای کاتژمێر 4 عەسر بەرەو سلێمانی و هەولێر دەگەرێنەوە و کام بەرپرست لە شاری کەرکوك لە کاتژمێر8، 30 بەیانی تاکو 12شەو لە دەوامی خوی دەبێت؟

ئینجا بێنە سەر ماڵەکەی لیوا شێرکو کە بەڕێزت دەڵیت بە پارەی بەرێوبەرایەتی پولیسی کەرکوك نوژەنی کردوتەوە بە راستی تو قسەکانت زور دورن لە راستیەوە لە بەر ئەوەی خانوەکەی لیوا شێرکو کە بە ماوەی 3 ساڵ نوژەن کرایەوە لە خانووی دراوسێیەکەی زور ئاسایی ترە وخوت چاك دەزانیت ماڵی لیوا شێرکو لە کوێیە و ئەگەر یەکێك پێ نەڵیت ئەمە ماڵی لێوا شێرکویە باوەر ناکەم بزانێت چونکە لە ماڵی هەمو بەرپرسەکانی کرکوك ئاسایی ترە من زورم پێ خوش بوو لە گەڵ وێنەکەی لیوا تورهان کە لە گەڵ بابەتەکەی خوت بڵاوتکردبووە وێنەیکی ماڵی لیوا شێرکو

لە دوای نوژەن کردنەوە و وێنەی ئەو دەیان تاخمە قەنەفە و کومپیوتەرەکانی پەرێوبەرایەتی پولیسی کرکوك کە خوت دەڵێت بردویەتی بو ماڵی خوی بڵاوتبکردایەتەوە بو ئەوی خەڵك بزانێت قسەکانی بەڕێزت چەند لە راستیەوە دورن.

ئینجا دێمە سەرکورە فیدائیێکەی لیوا شێرکو وەك خوت دەڵێت ملازم هوزان کەناز ناوی عدی کوری دیکتاتورت لێ ناوە بەبێ هیچ بەڵگەیێك. تو خوت چاك ئەزانیت کە ملازم هوزان هەتا ساڵێ 2003 قوتابی بووە وە بەشداری کردووە لە خولی جەیش الشعبی کە هەمو قوتابیانی کەرکوك بەشداربوونە تێدا ئەگەر ئەوەش خوفروشتن بێت ئەوا هەمو قوتابیانی شاری کەرکوك خوفروش بوونە بە بوچوونی بەڕێزت و ئەگەر ملازم هوزان فدائی ێدام بوایە ئەوا هەڵبەتە گوزەرانی خوش دەبوو ولە کاتی پشووی

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:14 30-12-2006

هاویندا نە ئەچوو بو کرێکاری هەتا گوزەرانی خوی باشتر بکات وە بە رای من ئەوە ئەوپەڕی شانازیە بو ملازم هوزان چونکە خوت زور باش دەزانیت مووچەی فدائی ێدام چەند بوو. وە کەدەڵێت ملازم هوزان خەریکی مێبازیە ئەو من پیت دەڵێم لیردا بوەستە چونکە سنورت بەزاند لە بەر ئەوەی خەڵکی بەشەرەفی شاری کەرکوك دەست درێژی بەعسیان قەبوڵ نەکردوە چون لە ملازم هوزانی قەبول دەکەن؟ بەلآم بە داخەوە چونکە تو خەڵکی رەسەنی ئەم شارە نیت ئەوا ئاگات لە مەحموی بێ زوا نیە.
سەبارەت بە مامەکەی ملازم هوزان کە عزو فرقە بووە من ئەوەنەت پێ دەڵێم خوزگە چارەگێکی ئەو عزوفرقەیە کوردایەتیت هەبووایە وئەگەر ئەوش عزو فرقەێکی چاك بوایە و دڵسوز بوایە بو بەعس ئەوا ئەوێش ئێستا ئەندام پەرلمان دەبوو لە کوردستان یان بەرپرسێکی گەورە دەبوو لە کوردستاندا وەکو ئێستا کە کونە مخابەرات وکونە جاش بەرپرسن.
ئینجا سەبارەت بە عەمیلی لیوا شێرکو بو ئەمریکێکان من ئەونەت پێ دەڵێم زور شەرمە بو کورد و بە تایبەتیش بو کوردی کەرکوك باسی ئەمریکا وەك داگیرکەر بکا و بەرپرسەکانمان بە عمەیلی ئەوان لە قەلم بدەین من گلەیی لە بەرێزت ناکەم بو ئەم قسەیەت جونکە بەرێزت یەکەم کەس بویت لە روخانی رژیمی ێدام زەرەرمەند بویت وبەرژەوەندێکانت نەمان بویە ئێستا کەوتویتە پێنوس فروشتن.
سەبارەت بە تەکسێکەی لیوا شێرکو کە هەتا ئێستا هەر ئەو تەکسیە مولکی خویەتی وە ئەو ئوتونبیلانەی کە دەیبینی لیوا شێرکو بەکاریدهێنێت ئەوا هەموی هی پولیسی کەرکوکە و هەر کەسێك بێتە جی ئەو ئەوا بەکاری دەهێنیت. لیوا شێرکو بەو تەکسیەی بەرێزت باسی لێ دەکەی مندالەکانی پێگەیاند و هەمو ئێستا خاوەن بروانامەن و خزمەت ئەکەن و سەری بو بەعس دانەنەوان خوت ئەوە چاك دەزانیت.
کاك سەربازی بەرێز ئەوەندە بەسە من وەڵامت بدەمەوە بو ئەوەی خەڵکی کەرکوك ئاگاداربێت لەو پێنوسانەی کە فروشراون داخەکەی گەورەم ئەوی باسی ئاوارەی کەرکوك دەکات و باسی کوردایەتی دەکات پێش چوار ساڵ لە خاڵی پشکنینی شێراوە دەلالی موخابەرات بو پارەی بویان کودەکردەوە بە وەرەقەی موخابەرات دەچووە بەغدا ئێستاش بە بێ بەڵگە تومەت ئەخاتە پاڵ ئەو کەسانەی کە بەشەو و بەروژ ئاسایشی ئەم شارە دەپارێزن کە زور رەوشی ئاسایشی باشە لە چاو شارەکانی تری عیراق کە هاوشێوەن لە گەڵ شاری کەرکوك بەلآم پێنووس کە فروشرا هەر ئەوەندی پێ دەنوسرێت لە وە زیاتر هیچ نازانێت بنوسێت.
من وەکو لاوێکی شاری کەرکوك وە لەو بنەماڵەیە ئاگەدارم زورم پێ ناخوش بوو کە ئەو هەمو تومەتە کرابوە پاڵ ئەم بنەماڵەیە و زاتی لیوا شێرکو خوی بویە خوم پێ نەگیرا و وڵامم دایەوە بو ئەویی راستێکان رون و ئاشکرا بن نەك بە پێنوسیکی فروشراو کومەڵێ خەڵکی ئەم شارە تومەت بارکرێن بە بێ بەڵکە وبە تایبەتی کەمن ئەزانم خاوەنی ئەم نازناوە کێە کە دەڵی من سەرباز کەرکوکیم کاك سەرباز پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت (القافلە تسیر والکلاب تنبح) ئیتر ئەوەندە بەسە.
هیوادارم لە سەرپەرستانی سایتی کوردستان پوست کە ئەم وڵامەم بو بڵاوبکنەوە چونکە چون رێگەتان دا بە کاك سەرباز بابەتەکەی خوی بڵاوبکاتەوە وابزانم بنەماکانی دیموکراسیەت وا ئەخوازیت وڵامەکەی منیش بڵاوبکنەوە بو ئەوەی سایتە چوانەکەی کوردستان پوست خوی نەدورێنیت و نەبێتە بڵندگوێك بو سوکایەتی کردن بە خەڵکی بە بێ بەڵگە ئیتر هیوای سەرکەوتنتان بو دەخوازم و دەست خوشیتان لێ دەکەم بو ئەم سایتە جوانە کە هەردەم میوانی ئینتەرنیتی روشەنبیرانە.

2006-12-29